# به پیری هاتن
# گەنجێتیان لێساندین

نـامۆ سامان

نەمانزانی بە ئەستێرەکانەوە کۆچ کەین
بە ئەستێرەکانەوە جانتاکانمان پڕکەین لە پێکەنینو
پێیان بڵێن ئیتر نیشتیمان بۆ خۆتان
نەمانزانی بەچنگێ خاکەوە جانتاکانمان پڕکەین لە گوڵە هێرۆ
پێیان بڵێن ئیتر پیاسەی ئێواران بۆ خۆتان
نەمانزانی گیرفانەکانمان پڕکەین لە بارانو
پەنجەکانمان لە ئەوین
پێیان بڵێن ئیتر شتێک نەما بۆ ووتن
کلیلی ماڵمان بۆ خۆتان
نەمانزانی دەرگاکان بخەینە سەر پشت و پێیان بڵێن
وەرن حەزەکانتان، شەهوەتە نەعلەتێکانتان دامرکینن
بەس میز بە دیواری نیشتیماندا مەکەن
بەس پەنجەکان بە خیانەت ئاشنا مەکەن
ئەی ژن
بە پرچتەوە پەنجەکانم
بە گۆناتەوە لێوەکانم
بە سیمای نیشتیمانیشەوە ئازارەکانم
تۆ ئەی ژن تاوێ لە ئازارو تاوێ لەتریفەو تاوێ لەتەنیایم
پەنجەکانت لەتەنیایم بئاڵێنە
نەبا حەسرەتی ئەم مەنفایە بمفرێنی
بمباتەوە بۆ بەردەم چنگێ خۆڵ لەخیانەت
بمباتەوە بۆ ئەو شەوەی مامانەکەم ناوکی بریم
ئەوە منم یان تەزینی پەنجەکانی عەشقە
بە نیشتیمانەوە شەختە بووە
ئەوە منم یان سێبەری سنەوبەری باڵای نیشتیمانە
رەنگی سیمامی گرتووە
ئەوە منم یان نیشتیمانە ئاگری گرتووە
ئەوە نیشتیمانە یان جوگرافیایە
منی لەتکردووە
ئێمە کە دڵمان خاڵی بوو لە ژن
لە شەرمی گوڵەکانو
چپەی عاشقان نەگەیشتین

ئیتر چۆن بتوانین
لەم پەنجەرەی مردنەوە
لە حونجەکردنی نیشتیمان بگەین

وەک چۆن پەپولە عاشقە
من عاشق بووم
وەک چۆن گوڵ بۆنخۆشە
من خۆشبەخت بووم!
ڕێگەمبدە بێمە ڕۆحتەوە
ڕێگەمبدە لە چاوەکانتا وەک بارانە بەهارە برژێمە دەرونتەوە.
ڕێگەمبدە لە دڵە حوزنەکەتدا
فوویەک لە تاریکستانی تەمەنت بکەم
ئەم پەلکە سەوزانە بەسەر پەنجەی تۆوە زەرد دەچنەوە
ئەم روانینانە بەنیگای تۆوە بۆ کوێمان دەبات
ڕێگەمبدە وەک با بەدەربەندی چاوەکانتا گوزەرکەم
بەناوی کوردستانەوە هاتن
بە عێراقیان سپاردین
بە ناوی شەرەفەوە هاتن
نیشتیمانەکەیان کردین بە قاحبەخانە
بە ناوی خواوە هاتن
بێ دینیان کردین
بە ناوی عەشقەوە هاتن
لە سۆزیانکردین
بە ناوی بەفرەوە هاتن
بە سەرابیان سپاردین
بە ناوی گوڵەوە هاتن
بە درگیان سپاردین
بە ناوی نیشتیمانەوە هاتن
بە کۆچیان سپاردین
بە ناوی ژیانەوە هاتن
بە مەرگیان سپاردین
بە ناوی گیڤارەوە هاتن
بە خیانەتیان سپاردین
بە ناوی داهاتووە هاتن
بە سەدەکانی جەهلیان سپاردین
بە ناوی داڵدەوە هاتن
لە ماڵ دەریانکردین
بە ناوی ئازادییەوە هاتن

به جەللادیان سپاردین
به پیری هاتن
گەنجێتیان لێساندین
سەبەتەی زانستیان پربوو
لە درۆو خیانەت
پربوو لە کەرتبوونی گەردیلەکان و تەفرەدان
ئای لە ئێمە،
ئێمەی دۆرا چیما بەخۆکرد
نەفرەت لەو ئاوێنانەی خۆمان تیانەدی
نەفرەت لەو وەرزانەی کەخۆمان تیانەشت
کە جەللاد بەشێک بێت لەتۆ
خیانەت بەشێک بێت لەو
ئیتر چی دەمێنێ بۆ حونجەکردنی نیشتیمان